# ڕۆڵی گەنجان لە گۆڕانی هاوکێشە سیاسیەکاندا

به رامان لە ئەزموونی ژیانی سیاسیی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتیتر کە ئێستا "بەرەو قۆناغی هەڵبژاردنەکان هەنگاو دەنێین"، زیاتر لە هەموو کاتێک گلەیی هەیە سەبارەت بە ئەداکردنی کارەکانی حکومەت و پەرلەمان و دەزگاکانی تری بەرپرس لە کوردستاندا. جگە لەمەش لە نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و جڤاکی کوردیشدا، لە هەموو کاتێک جیاوازتر و بە شێوەیەکی زەق و بەربڵاو باس لە چەمکی "گۆڕانکاری" دەکرێت لەلایەن کەسایەتیە سیاسیی حیزبی و حکومیەکانەوە بگرە تا دەگاتە هاوڵاتیانی سادەش. هاوکات ئەوەی جێگای سەرنجیشە بەلای چاودێرانی سیاسیەوە، ئەم گلەیی و ددانننان بە کێشەکان هەر تەنیا لەلایەن هاولاتیان و میدیاکانەوە نییە، بەڵکو زۆرێک لە بەرپرس و کەسایەتیە حیزبی و حکومیەکان بە پێشکەشکردنی پڕۆژە بۆ "گۆڕانکاری" بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو تەنگەژانەی کە هەن، ویستی خۆیان بۆ گۆڕانکاری دووپات دەکەنەوە. لەهەمووشی بایەخدارتر بە لای زۆرێک لە چاودێران و راگەیاندن و رۆشنفکرانەوە گرینگترینیان پرۆژەکەی مام جەلال بوو، دیارە بۆ ئەمەش هۆکار گەلێک هەبوون بۆ دەنگدانەوەی و بە جۆرێک کە لە شەقامی کوردیدا زۆرترین قسەی لەبارەیەوە کرا، یەکەمیان: کە بەلای زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی بارودۆخەکە لەبەر ئەوە بوو، کە لەلایەک کەسایەتیەکی وەک مام جەلال کە لە لوتکەی دەستەلاتی ولات و حیزبیدایدایە دانی بە هەبوونی ئەو کێشەیە دانا، هاوکات پێشنیاری بۆ ڕێگەچارەسەرکردنیان کرد، لەلایەکیتریشەوە پێویستی چەمکی گۆڕانی دووپاتکردەوە بۆ ئەم قۆناغە سیاسیە جەنجاڵەی کە هەنووکە هەرێمی کوردستان لەبەردەم چەندها تاقیکردنەوەی سەخت دایە، کە ئەمەش بەوە دەبێ کە سەرەتا نێو ماڵی خۆمان ڕێکبخەینەوە، ئینجا بەرەو ئەم تاقیکردنەوانەدا هەنگاو بنێین، کە گرینگترینان یەکلایکردنەوەی ئەو کێشانەیە کە لەگەڵ حکومەتی بەغدا هەمانە بۆ سەلماندنی زۆرێک لەو مافانەی کە هێشتا بەدەستمان نەهێناون. هاوکات نیشاندانی ئەزموونی سیاسیی کوردستان بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بە حکومەتی ناوەندی و ولاتانی دەوروبەر. دووەمیان: زێتر ئاماژەدانە بە ناوەڕۆکی ئەو پڕۆژەیە کە دووپاتکردنەوەی زەرورەتی جیاکردنەوەی دەستەلاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) و، هاوکات رۆڵدان بەدەستەلاتی چوارەم کە میدیایە، بۆیە بەلای چاودێرانەوە جێبەجێکردنی ئەم خالانە بە شێوەیەکی کردەیی مانای وایە کێشەکان چارەسەر دەکرین و ئەم هەرێمەش بەرەو بە دام و دەزگایی دەچێ، کە گرینگترین نیشانەیە بۆ هەر وڵاتێک و دەستەلاتێک تا بە دیموکراسی ناوزەند بکرێت (لێرەوە وەکو تیۆر و بابەتیانە بۆ پڕۆژەکە جێگەی دڵخۆشیە، لێ لەکاتێکدا ئەگەر بەرەو پراکتیزەکردن بڕوات). ئەگەرچی زۆرێکیش لە بەئاگایانی سیاسیی کوردستان پێیانوایە، ئەم گۆڕانانە لەدوای رووخانی رژێمی بەعس و یەکگرتنی دوو ئیدارەیی (هەولێر و سلێمانی) ئەم داخوازی و بانگەشانە زەقتر بوونەتەوە، لەم بارەشەوە هەندێک پێیانوایە ئەمە لە ئەنجامی هەبوونی ئەو بەربەستانەیە کە لە دەروە رووبەرووی کورد بوونەتەوە. لەلایەکی تر هەبوونی کێشە لە نێو حیزبەکاندا، ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لە نێو حیزبەکاندا ئەم کێشانە چارەسەری ریشەیی بۆ نادۆزرێتەوە تاوەکو لە کاتێکدا پەنگدەداتەوە. رەنگە ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبێ کە لەیەکتر نەگەیشتن و دیالوگی ناڕوون هەبێ لەنێوانیاندا، هاوکات ئەمەش خۆی ئاماژەدانە بەوەی کە کێشە و چەوتی هەیە لە ئەدای کاری حیزبی و حکومیدا لە کوردستاندا، حکومەت: بەو مانایەی کە ئەزموونی حکومەتداری لە کوردستاندا ماوەیەکی زۆر نییە هاتۆتە کایەوە و لەلایەکی ترەوە دام ودەزگایی نییە و پەرلەمانیش تا هەنووکە لەسەر حکومەت وەک چاودێر نابینرێت. حیزب: تا ئێستاش لە کوردستان حیزب مانایەکی زۆر تەقلیدی هەیە و زۆرێک لە خەڵکی کوردستان وەک تیرە و عەشیرەت لە حیزب دەنوارن و چەشنی دیوەخان لە بارەگاکانی و وەک ئاغاش لە بەرپرسەکانی. لەلایەکی ترەوە حیزبە کوردیەکان لە کۆپیکراوێکی تەواوی حیزبە چەپەکانی رۆژهەلات و یەکێتی سۆڤیەتی رەحمەتیی دەچن، بۆیە رام وایە تا ئەو مانایە تەقلیدیەی حیزب نەگۆڕێت، باس کردن لە گۆڕان شتێکی ناکام و ناکاملە. بەمەش دەکرێ بەوە بگەین کە ئەم چەمکانە وەکو پێویستەکی حەتمی هاتوونەتە کایەوە و ئاماژەی زیندوون بۆ گۆڕانی ئەم بارودۆخە، بۆیەش لاموایە هیچ شتێک لە بۆشایدا نایێتە بوون ئەگەر زەمینەسازی بۆ هاتنەدی نەکرابێ. لەلایەکی ترەوە ئەوەی مەبەست و بایەخی ئەم وتارەیە ئاماژەدانە بەرۆلی گەنجان لەم قۆناغەدا کە لە هەموو لایەکەوە هەوڵ دەدرێت گۆڕانکاری رووبدات، لەوەش گرینگتر ئەم رۆڵ ببینینە زیاتر بە گەنجان دەدرێت بۆ مامەڵەکردن بە هاوکێشەکان چونکە خوێنی نوێن و زۆرینەی جڤاکی کوردیش پێکدەهێنن. دیارە پێویستیشە لەسەر گەنجان زۆر بە شێوەیەکی هەستیار وبەرپرسیاریانە مامەڵە لەگەڵ ئەم رووداوانەدا بکەن و، پێش ئەوەی بەرژەوەندییە حیزبیەکانیان بخەنە پێش چاو بە ئاگابن لە بەرژەوەندییە بالاکانی گەلێک کە سەدەها ساڵە خەبات بۆ مانەوەی خۆی دەکات. دیارە مەبەستی ئێمە کەمکردنەوەی پێگەی حیزب نییە لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو ئەمە هەقیقەتێکە هەموو حیزبێک کە دادەمەزرێت بۆ زیاتر بەرزکردنەوە و مانەوەی نەتەوەیەکە کە دەتوانێ کە گەیشتە دەستەلات کاری بۆ بکات. لەکاتێکیشدا ئەمڕۆ زیاتر دەرگەکان بەسەر گەنجدا ئاوالان و دەکرێ بێ ئەوەی بکەونە ناو هاوکێشە مەنگەکان، خۆیان هەست بەوە بکەن کە چ ڕێگەیەک دەگرن بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان. لەلایەکیتریشەوە وەک لە وتارێکدا دەربارەی گەنجانی بیست و پێنج ساڵی بۆ پەرلەمانی کوردستان ئاماژەمان بۆ کرد، کە دەتوانن وەک دەروازەیەکی گرنگ سوودی لێببینن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کردارییانە رۆڵ لە هاوکێشە سیاسیەکاندا ببینن.





ئارێز سمکۆ حوسێن
arezsmko@yahoo.com

# تەڵاق وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی



بەگوێرەی زانیاریەکان رێژەی هەڵوەشانەوەی خێزان لە باشووری کوردستاندا کە سەرچاوەی لە تەڵاقدانەوە گرتووە، بەرەو هەوراز رۆیشتووە. بۆیە ئەرکی تۆژەرانی کۆمەڵایەتی، سۆسیۆلۆژو دەروونناسانە کە شرۆڤەی وردی بۆ بکەن، من وەک کەسێکی ئاگادار لە دیاردەی تەڵاق بە داخباریەوە دەنووسم کە تەڵاق دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نەخواستراوە، بەڵام کارەسات و تاوان نیەو دەکرێ شێوازی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

تەڵاق یان جیابوونەوە لە کولتوری کۆمەڵی کوردەواریدا دیاردەیەکی قێزەوەن و بابەتێکی نەویستراو بووە، بەوهۆیەشەوە منداڵان دووچاری سەرگەردانی هاتوون، لەو سۆنگەیەشەوە هاوسەرێتی و پێداگری لەسەر بەیەکەوە ژیان بە پیرۆزی چاوی لێکراوە.

ژیانی هاوسەرێتی لە کولتوری کوردەواریدا دڵسۆزانەو جێگەی متمانەو باوەڕبووە، رێزو خۆشەویستی لەگەڵ خۆیدا دروست کردوە. هەر ئەوەش وایکردوە کە پێداگری لەسەر بەیەکەوە ژیان بکرێ و نەفرەت لە تەڵاق بکرێ، تەنانەت ژنی تەڵاق دراو بە چاوێکی سوک سەیری کراوە، ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیشیان تەڵاق داوە پێگەو رێزیان لەرزۆک بووە ئەگەر تەڵاق دانەکە پاساوێکی داب و نەرێتی لەگەڵدا نەبووبێ.

وێڕای ئەوەی کە ئایین و کولتورو دابونەرێتی باو مافیان بۆ پیاوان و ژنان دیاری کردوە، جیابوونەوە وەک مافێک داندراوە، بەڵام دیسانیشەوە تەڵاق دراو و تەڵاقدەر پێشوازیان لێنەکراوە. هەرچەندە کە کۆمەڵی پیاوسالاری بوەو زیانی زۆر بە ژنی تەڵاقدراو گەیشتووە بەڵام پیاوی تەڵاقدەریش سەنگایی خۆی لاسەنگ کردوە، زۆر جارانیش بە خۆپەرست و هەوەسبازو بێ بەزەیی تەماشا کراوە.

ئەو زیانانەی کە دوای جیابوونەوە بە مرۆڤەکان دەگات، وەکو برینێکی سارێژنەکراو ماونەتەوەو چارەیان بۆ نەدۆزراوەتەوە.

جاران ژنی تەڵاقدراو دووچاری کێشەو گرفت و بێڕێزی زۆر دەبۆوە، ماڵە باوانی لێی بێزار دەبوون و وایان هەست دەکرد بەهۆی ئەوەوە سوک بوونە، بۆیە هەوڵیان دەدا لە کونجی ماڵدا زیندانی بکەن، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە، بەڵام گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵ روانگەو چەمکی نوێی بۆ تەڵاقدراوو تەڵاقدەردا هێناوەتە گۆڕێ، وەکو پێشوو سەیریان ناکرێ، ئاشکرابووە کە تەڵاقدان سزای تاوانێکی نەبووردراو نیە، بەڵکو نەگونجانی دوو مرۆڤە و دەکرێ بۆ باشبوون داهاتووی ئەو دوو مرۆڤە لەیەک جیا بکرێتەوەو بەزۆرەکی بەیەکیان نەبەستنەوە.

ئێستا ئیدی کۆمەڵ دەبێ بزانێ کە جیابوونەوە تاوان و بێڕێزی و سوکایەتی نیە، تەنیا بژاردەیەکە، ژن یان پیاو دەتوانێ بڕیاری لێبدات، بەڵام زۆر گرنگە بەر لە بڕیاردان بیر لە چارەنووسی خۆی و بەرانبەرەکەی و منداڵەکانی بکاتەوە.

نابێ جیابوونەوە بۆ بژاردەی خراپ سەرپشک بکرێ، بەڵکو دەکرێ وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی رێگە چارەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

جیابوونەوە مافێکی رەواو یاسایی هەر ژن و مێردێکە، یاسا دەتوانێ کەمتەرخەم بناسێنێ و تاوانبار دیاری بکات، کۆمەڵ ناتوانێ کوێرانە حوکم بدات و یەکێکیان تاوانبار بکات.

سەرەنجام دەبێ کۆمەڵ بزانێ کە ژنی تەڵاقدراو گوناهبارو تاوانبار نیەو هیچی لە مرۆڤەکانی دیکە کەمتر نیە و مافی خۆشیەتی داهاتووی خۆی دیاری بکات. ئازادیشە لە پێکهێنانی ژیانێکی دیکەی هاوسەری. دەبێ ریز لە ویست و خواست و بژاردەی بگیرێ و پشتیوانی لێبکرێ.

**پەروین فەیزوڵڵا**

# جەننەت و چەپکە گوڵەکەی دایک!!...

ئەو جەننەتە کە لە ژێرپێی دایکانە، وەک ئەو نەوتە وایە کە لە ژێرپێی کوردستانیانە: هیچ یەکێکیان سوودیان لێ وەرنەگرتووەو بوون بە بەڵاو نەگبەتی بۆ ژیانیان؛ هەردوولایان لەسەر ئاستی واقیع، هەژارو داگیرکراو: یەکەمیان دوا کوێلەی موستەعمەرەی پیاوەو دووهەمەکەشیان دوا گەورە کۆلۆنی لە جیهان؛ هەردووکیان بە خۆشی یان ناخۆشی بێ ماف کراون، کەچی لەوانەیە ساڵی جارێک چەپکە گوڵێک بە یەکەمەکەیان ببەخشن و کوردستانیانیش بەبێ راپرسی و ئیرادەی خۆیان، بۆ بۆ ئەبەد"برای خۆشەویستی" نەتەوەی عەرەبە!

مرۆڤ چەندە بە وردی بیر لە ژیانی رۆژانەی دایکان و کچانی ماڵ بکاتەوە، بەهۆی زاڵی ئەقڵی پیاوانە، هێشتا ناتوانین لەهێزو توانای بەرگەگرتنی بەبێ بەرامبەری ئەم کائینەو بەرپانەکردنی شۆڕش، تێبگات.

راستە نوێنەرانی یەکێتی و سەنتەرو رێکخراو و میدیای ئافرەتان و ژنان و نووسەرو رۆژنامەنووسان و حزبەکان کە پشتیوانی کەمپینی(موچە بۆ دایکان)یان کردووە دەگاتە سەددان هەزار کەس، بەڵام لە چاو لایەنگرانی مافی یەکسانی ژن و پیاو، هێشتا زۆر کەمەو پێدەچێ ئەگەر کەمپینەکە بۆ"مۆچ"ی دایکان بوایە، ئێستا بە ملیونان خۆیان دەکرد بە قوربانی!

چی دەبێ ئەگەر دایکان و کچانی ماڵ بە شاعیرو نووسەرە پایەبەرزەکان بڵێن: چی تر شیعر بە باڵامان هەڵمەدەن و وتار بۆ ئازادیمان مەنووسن، چونکە هیچیان ئێمەیان لە کارە قیزەوەنەکانی ناو ماڵ رزگار نەکردووە، زەحمەت نەبێ ئیمزایەکمان بۆ بکەن تا هیچ نەبێت کرێی کاری ناوماڵمان بۆ دابین بکرێ... ئیدی بەسەو چەپکە گوڵەکانیش بۆ خۆتان!

لە رۆژی دایک دووبارە بانگەوازی هەموو کەسێک دەکەین بۆ ئەوەی لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەیەوە پشتیوانی لە کەمپینی (موچە بۆ دایکان) بکات!



سەلام عەبدوڵلا- خانەقین

dwaroj@yahoo.de